# تەقینەوەیەك جارێكی تر سلێمانی دەهەژێنێت

**پەیامنێری كوردستان نێت**

دوێنێ رێكەوتی پێنج شەممەی ٣/١٣/ دا ٢٠٠٣ لەدوای كات ژمێری ٧:٤٥ بە كاتی زەستانەی عێراق بۆ جارێكی تر منداڵانی شاری سلێمانی تا ژن و پیاوەكانی ئەم شاریش دڵیان دەكەوێتە مەترسیەوە دوای ئەوەی كۆێیان لە زەرمەی تەقینوەیەكی بە هێز دەبێ، وام بەباش زانی سەردانی شوێنی تەقینەوەكە بكەم لەكاتێ‌كەرۆیشتم شوێنەواری تەقینەوكە لەبەرامبەری مەڵبەندی پەیمانگەی مامۆستایان لە سەرەتایی گەرەكی زەرگەتە بەتایبەتی لە بەردەمی ماڵی (دلشادی مامەغفە) كە مامەغفە) لێپرسراوێكی گەورەی سەربازی یەكێتی نیشتیمانی كوردستانە زیاتر لە شەش ماڵ زەرەری ماڵیان لێ كەوت بوو، بەڵام خۆش بەختانە تەنها ئەنجام دەری تەقینەوەك كەسی تر زیانی گیانی لێ نەكەوت. . لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵكانی دانشووی ئەم گەركە سەر بە (ی. ن. ك) و بەشی زۆریان لە دەستەی پارێزگریی ( حمایە) بەرێز ( كوسرت رسوڵ علی) ن كە لێپرسراوەی دەستەی كارگێری مەكتەبی سیاسی ( ی. ن. ك) .

هەر بەئەم بۆنەیەوە چاومان كەوت بەچەند هاووڵاتی یەك كە هیچ یان رازی نەبوون ناویان بنوسرێت ئەمیش دەقی چاوپێكەوتنەكانە تەنها یەكس نەبێت .

- ئەم كاتت باش بەریزت لە كاتی تەقینەوەك لێرە بوویت ؟
- بەڵێ لێرە بووم ناوەم غازی یە
- باشە دەڵێن بەرێزت زۆر زوو فریای ئەم تەقینەوەیە كەوتی ئەتوانی بوومان باس بكەیت ؟

* وەتی راستە بەڵام كەسی تر هەبوو زووتر چوو بوو بۆ شوێنی تەقینەوەكە منیش چووم كاتێ دەبینم یەكێك خۆی تەقندوتەوە پارچەی كۆشتی زۆر لەو ناوە پلاوبوتەوە ئاسایش دەست بەجێ گەیشتنە شوێنی رۆداوەكە.

- بەڵێ ئەنجام دەری ئەم تەقینەوە خەڵكی ئێرە بوو ؟

* نایناسم

- ئەتوانین بەڵین ئەم كارە رووتە ئیسلامییە توند رەوەكان ئەنجامی دابێ ؟

* نازانم نەتوانم هیچ رابگەینم

- دوا وەتی بەرێزتان چی یە ؟

* هیوادارم ئەوانەی كاری تیرورستی ئەنجام ئەدەن زووتر بیرلەو بكەنەوە كە كۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان چارەسەری هیچ مەسەلەیەك ناكات ئیتر سوپاس

هەروەها لە حاڵتێكی شازدا لە یەك لەماڵەكانی نزیك بەم رۆداوە چاومان بە ژنێكی خەڵكی ناوچەی بادینان كەوت

لێمان برسی – بەرێزتان لە ماڵ بوویت لە كاتی رۆدانی تەقینەوەك ؟

□ بەڵێ لە ماڵ بووین خەریكی كۆكردنەوەی كەل وپەلی نان خۆردن بووم

- نازانی لە كات ژمێری چەند و چون بوو ؟

□ بەڵی لە كاتی ٧:٣٠ خەریكی نان خۆردن بووین دوای ویستم شتەكان كۆ بكەمەوە كۆێم لە دەنگی تەقینەوەیەكی یەك جار بە هێز بوو یەكسەر وازم لە هەممو شتێك هێنا و خاولیەكانم تەركرد لەگەڵ هاوسەركەمدا خاولیە تەرەكانمان دادنایە سەر لوتی منداڵەكان كورپەیەك بچووكمان هەیە لە بیرمان چوو بوو دایكیشم لێرە بوو هاوكاری دەكردین وام دەزانی حكومەتی بەعسە و كیمیاوی تێكردوین تا دەنگی هەندێ كەس

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

**هات وەتیان کەسێك خۆی تەقندوتەوە ئەم جارە هەستام کارەکانی ناو ماڵ تەواو بکەم بەلاّم مەترسی یەکەی یەك جار زۆر بوو**

**- باشە بەرێزتان باس لە کیماوی دەکەن حکومەتی هەرێم هیچ بۆ دابین کردوە بۆ رزگارکردنی خەڵکی کوردستان لەو مەترسییە ؟**

**□ بە داخەوە نەخێر هیچی دابین نەکردوە تەنها لە کەناڵی تەلفزیونەکانەوە کارە پێویستیەکانمان بیٚ دەڵێن و هیچی تر**

**- دوا وەتی بەرێزتان چی یە ؟**

**□ من شەش منداڵم هەیە هەموویان وەردن گەورەکەی لە دایك بووی ١٩٩١ ە بچوکەکیان هەشت مانگە دەترسن زۆریش بۆیە داواکارم لە حکومەتی هەرێم پارێزگاریمان بکات لە مەترسی شەڕی ئایندە ئیتر سوپاس**

**بەڵیٚ ئەم دیاردەیە کە زوو زوو دۆبارە دەبێتە وە وا لە منداڵ و خێزانی کورد دەکات لە واهیمەی شەڕ داهاتووی عێراق وئەمریکا دابن. . ئەم کارە ناشارستانیەدا زوو زوو دەکرێت لە کوردستانی عێراقدا بەلاّم ئایا ئەمانجە سەرکی ئەم تەقینەنانەوە هێزە ئیسلامیەکان یاخود لایەنێکی تر هەیە لە پشتی ئەم دیاردەیە بە جاکم زانی پەیوەندی بە ئاسایش بکەم بەلاّم لە کاتیٚ کە پەیوەندیم کرد وەتیان بەداخەوە ئەمرۆ هەینی یە دەوام نی یە دەبێت بەیانی سەردانمان بکەیت**

**دواتر پیستمان ناوی کەسی تەقینەوەی کە یان ئەنجامی داوە یاخۆد لە دەستی تەقیوەتەوە ناوی ( زیاد) ە زووتر ئەفسەر ی پارستنیئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتیهەرێمی سلێمانی بووە**

**تا ئێستا لێکوڵینەوە بەردەوامە ئەمرۆ لەسەردانێك بۆ ئاسایش وەتیان جاریٚ لێکوڵینەوە تەواو نەبووە راگەیاندنی ئاسایشتان بۆ رۆن دەکەینەوە کاتیٚ لێکوڵینەوە تەواو بیٚ**

**بەلاّم وەك چاوپێکەوتنی ئەو ژنەتان خوێندەوە خەڵکی کوردستان ئەوها چاوەروانی جەنگی داهاتووە مەترسی یەکی زۆریان هەیە لە رژێمی بەغدا ئەم مەترسی یە بەردەوام دەمێنێت تا رژێمی بەغدا بەردەوام بیٚ**

**ئیتر سوپاس**

**رۆژنامە نووس**

**سابیری محمود داماو**

**٢٠٠٣/٣/١٤**